## کارتێکەری مرۆڤ لەسەر کەش و هەوا

مرۆڤ لەسەر ئەو باوەڕەیە کەش و هەوای ناوچە جۆراوجۆرەکان لە چەند ساڵی ڕابردوودا گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە. گەرما، سەرما، ئەو بارانەی دەبنە هۆی سێلاوهەستان، هەروەها ویشکساڵی، زیاتر بەهێزبوونی تۆفانەکان و کەوتنە ژێر ئاوی ویشکانییەکان هیچکاتێك ئاوا ماڵوێرانکەر و زۆر نەبوون وەك ئەمڕۆ. تاقمێك لە زانایان ئەو گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕە بە تاوانی مرۆڤ دادەنێن: پیسکردنی ژینگە و کەش و هەوا، بڵاوکردنەوەی "$CO_2$"، گەورەبوونەوەی چاڵی ئۆزۆن، توونا کردنی لێرەوارەکان و هەروەها گەرمکردنی کەشوهەوای جیهان بەهۆی کەڵکوەرگرتن یاخود سووتاندنی ووزەی لەڕادەبەدەر. تاقمێکیتر لە زانایان ئەو گۆڕانکاریانە ناخەنە سەر شانی مرۆڤ و چالاکیەکانی بە لاواز دادەنێن و ئەو ئاڵ و گۆڕە دەبەستنەوە بە کارەساتە سروشتیەکانی وەك: ال نینۆ "el Niño"[1]، واتە گۆڕانی نائاسایی کەش و هەوا، گۆڕان بەسەرداهاتنی مەیدانی میگناتیسی ناوەوەی زەوی، خولی پەڵەی ڕۆژ، سووڕانی پلانێتەکان و ...

بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە: هەردووك بۆچوونەکان دروستن. بەهۆی گەڕان و خولانەوەی من لە مێژووی چەند مليارد ساڵەی زەوی وەك گەردیلە بچکووکەیکی ئەم جیهانە، دەبێ بڵێم هاوکات لەگەڵ شکڵ گرتنی قوڕنەکانی زەوی، بەردەوام کەش و هەوای نائاسایی بوونیان بووە. لە تۆفانی تەرزەوە، ویشکساڵی دوورودرێژ هەتا بارینی بەفری قورس و پێکهاتنی سەردەمی سەهۆڵ، ماوەیەکی زۆر پێش ئەوەی مرۆڤ پێی لەسەر ئەم هەردە دانابێ. دیارە ئەمڕۆ پلانێتی زەوی دەبێ لە هەنبەر زیاتر لە ٧ مليارد مرۆڤ لەسەر خۆی خۆڕاگری بکا. هەرکام لەو مرۆڤانەش هەوڵ دەدەن تا ئەو جێگایەی بۆیان گونجاو بێ، ووزە

[1] "ال نینۆ" ناوێکە، لەسەر گۆڕانکاریی کەش و هەوای بێ شێوە و بێ نەریتی ئاسایی داناوە.

بەکاربهێنن و بەو کارەیان ئوکسیژێنی لە ئاتموسفێری هەوا دەگرن و هیدرۆژێنی پێ دەدەنەوە. ڕوونە کە ئەو کردەوە بەردەوامەیان کارتێکەری لەسەر کەش و هەوا و ئاتمۆسفێر دادەنێ. ئەگەر بیانتوانییایە ژمارەی دانیشتوان و هەروەها بەکارهێنانی ووزەیان کەم کردایەتەوە، ڕەنگە سەرەڕای ئەویکە کارتێکەریان لەسەر ڕووداوە سروشتیەکان زۆر کەم دەبوو، بەڵام ڕەنگە بتوانن شانسێکی باش بۆ گەڕانەوەی حاڵەتێکی ئاسایی بۆ کەش و هەوای سەر ئەم هەردە دابین بکەن.

بۆ وێنە بەهۆی گۆڕانی نائاسایی کەش و هەوا، بەفر و سەهۆڵەکانی سەر شاخی کلیمانجاروو لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا لە سەرەتای سەدەی ٢١مەوە ساڵی میترێکی لێ دەتوێتەوە. زۆربەی زانایان لەسەر ئەو بۆچوونەن کە ڕووداوی ئەوتۆ تەنیا بەهۆی کارتێکەری مرۆڤ پێکهاتوون. ئێمە دەبێ بە شێوازی ڕێژەیی سەیری ئەو تەوەرە بکەین چونکە ٤ تا ١١ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا پلەی گەرمای کلیمانجاروو زۆر گرمتر بووە لە هی ئێستا، باران زۆر زیاتر لە ئەمرۆ باریوە و لەسەر لوتکەی چیاکەش زۆر کەم سەهۆڵ و بەفری لێ بووە. ئەو سەردەمە ژمارەی دانیشتوانی سەر زەویش لە چەند ملیۆن تێپەڕ نەبووە، بەڵام پێش ئەوەی لە لایەن مرۆڤەوە بڕووتێنرێنەوە و توونا بکرێن، ئاژەڵێکی زۆر لەسەر زەوی ژیاون. ئاژەڵیش لە خۆیان گازەکانی وەك هیدرۆژێن و مێتان ئازاد دەکەن، بەڵام ئەوان دەتوانن لە حاڵەتی ماکسیمۆمیدا تەنیا ئەو ڕەدەیە وزە بسووتێنن کە پێویستیان پێی هەیە. بە پێچەوانە مرۆڤی ئەوڕۆ ووزەی زۆر زیاتر لە پێویستیی خۆی بە هەدەر دەدا.

درێژەی هەیە ...